# لەتاقیکردنەوەی یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەدا،کافرەکان بردیانەوەو ئیسلامەکانیش دۆراندیان

گۆران هەڵەبجەیی



ڕاستە ئێمەی کورد لە هەرکوێ بین یادی کارەساتی هەڵەبجەمان کردووەتەوە،لێ تائێستائەو یادە لەخۆمانەوەبۆ خۆمان بووە.بەدەگمەن ڕویداوە بێگانەلەویادەدا بەشداری کردبین،لەگەڵ ئەوەشدا18ساڵ بەسەرکارەساتەکادا گوزەربووە وبەشێکی زۆری جیهانیش ئاگاداری ئەوڕووداوەن،بەڵام تائێستا نەمانتوانیوە بگەیەنینە ئاستێکی بەرزتروهاوسۆزی لە نیوگەلانی جیهاندا بۆخۆمان پەیدا بکەین.

بێگومان ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە کە لەئاستی پێویسدا کارمان بۆنەکردووە،بەشەکەی دیکەشی لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمەدایە.

ئێستا بارودۆخ گونجاوە بۆ ئێمەی کورد کە بەوئاراستەیە کاربکەین،بۆیە ئومێدەوارم لە ئایندەدا هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆبە ئاشناکردنی غەیرەکورد بەو کارەساتە.

ساڵی پار بەر لە یادی کارەساتەکەی هەڵەبجە بە ماوەیەک بیرۆکەیەکم بۆ هات پەیوەست بەو یادەوە،ئەویش ئاشنا کردنی بەشێک لە دانمارکیەکانە {بەپێی توانا} بەو کارەساتەنا ئینسانیە.

بیرۆکەکەش ئەوەبوو کە هەوڵبدەین ئەو کارەساتە لە کەنیسەیەکی دانیمارکدا یاد بکەینەوە.

بۆئەومەبەستەش دەستنیشانی یەکێک لە کۆنترین و مەزنترین کەنیسەکانی دانیمارکم کرد ئەویش کەنیسەی باژێڕی ڕۆسکیلەبووکە تەنها 25 کم لە کۆبنهاگنەوە دوورە.

لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ماڵپەڕەکەیانم دۆزیەوە، ئیمیلێکم نارد بۆیان،پاش یەک دووڕۆژ لە قەشەی بەرپرسی کەنیسەکە بەرسیڤ هاتەوە کە داوای دانیشتنمان لەگەڵدا دەکات.

بەرلەوەی دانیشتنەکە پێک بیت هەندیک وینەی کارەساتەکەو کورتە باسیک بە زمانی دانمارکی لەسەر کارەساتەکەم پۆستکرد بۆی.

وادەی دانیشتنەکە من وهاوسەرە هەنگاریەکەم و کاک نەوزاد ماروف بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی لە باژێڕی ڕۆسکیلدە چوینە کن قەشەکە.

بەخێرهاتنێکی لەڕادەبەدەر جوانی کردین،پاشان لە چەکمەجەکەی بەردەمی زەرفێکی کەورەی دەرهێنا کە بابەت ووێنەکانی تێدابوو کە من ناردبووم بۆی، بەسوپاسەوە دایەوە دەستم،وامزانی سەیری نەکردوون بۆیە لەوبارەوە پرسیام لێ کرد.لەوەڵامدا گووتی بەڵی سەیرم کردن زۆر کاریگەر بوون باوەڕناکەم هەمووکەس بەرگەی سەیرکردنی ئەو وێنانە بگرێت

دوای لێبووردنم لێکرد گەر بەهۆی ئەو وێنانەوە ئازاری دەروونی چەشتبێت.گووتی دەبیت ئێمەی مرۆڤایەتی داوی لیبووردن بکەین کە نەمانتوانی ڕێگە لە ڕوودانی ئەو کارەساتە بگرین.

پاش ئەوەی مەبەستی خۆمان بۆباسکرد ئەویش ڕەزامەندی خۆی لەسەر داواکەمان دەربڕی، یەک شەمەی پاش یادی کارەساتەکە دیاری کرا بۆ یادکردنەوەی لە کلیساکەدا، قەشەکە تەنها یەک داوای هەبوو ئەویش دەبەش نەکردنی بەیان لەناو کەنیسەکەدا، ئێمەش داواکەیمان قەبۆڵ کرد.
پاشان هەندێک پرسیاری لێکردین سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان، ئێمەش بەرسیڤمان دایەوە.
ڕۆژی دیاریکراو نزیکەی 15 کوردیک دەبووین چووینە کەنیسەکە، لەڕیزەکانی دواوە دانیشتین.کەنیسەکە پڕبوو لە خەڵک،کابرای قەشە دەستی بەخوتبە خوێندن کرد،ێندە هیمن و لەسەر خۆ قسەی دەکرد خەریک بوو خەومان لێدەکەوت،هەرلەوکاتەدا خەتیبەکانی خۆمانم هاتەوە یاد بەتایبەتی مەلابەشیرە دەمشڕەکەی لەمەڕخۆمان. برێک لەومەلایانە لە کاتی خوتبە خوێندندا هێندە بە حەماسەوە قسەدەکەن هێندە بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن دەماری ملیان بەرزدەبیتەوە هەرئەوەندەماوە مایکەکە قووت بدەن ،خوتبەکانیشیان تژیە لە بەرزکردنەوەی هەستی توندڕەوی و دژایەتی و هاندانی خەڵکان بۆ{ جیهاد} دژی دوژمنی وەهم،کە ئەو دوژمنەش هەر جومعەی لە بەرگێکی نوێدا باسی دەکەن و هێرشی دەکەنەسەر.
دەمێک هێرش بۆسەر کۆمۆنیستەکان دەکەن دەمیک عەلمانیەکان،دەمێک گۆرانیبێژان ونووسەرەکان دەمیکیش هێزە هاوپەیمانیەکان،لێ ڕۆژێک نەبوو باسی تەرۆریستە کانی ئەنسارو سنە یا ئەنسارو ئیسلام یا بنلادنیەکان یا دەستەی زانایانی ئیسلامی عێراق بکەن .

پاش بەینێک  قەشەکە هاتە سەر باسی کارەساتەکەی هەڵەبجە زۆر بە جوانی باسی کردکە خۆمان هەرگیز نەماندەتوانی بەو جۆرە گوزارشتی لێبکەین. سەیریکی لای چەپی خۆم کرد لە سیمای ئامادەبواندا حوزنێکی قوڵم بەدی دەکرد.باسەکەی هەڵەبجە 22 دەقیقەی خایاند،دوابەدوای ئەوە خوتبە کۆتایی هات.ئێمەش بەر لەوان چوینە دەرەو لەبەر دەرگا خۆمان ئامادەکرد بۆ دابەشکردنی بەیاننامەیەک کە سەبارەت بە هەمان مەبەست بوو. زۆرێک لەوانەی بەیننامەکەمان دەدانێ هاوسۆزی و هاو غەمی خۆیان بۆدەردەبرین، هەندێکیشیان پرسیاریان سەبارەت بەزۆر لایەنی نەتەوەکەمان دەکرد.
بۆ ڕۆژی دوایی بەئیمیلێک بەناوی کوردەکانی دانمارکەوە سوپاس گوزاریەکم بۆ نارد،لەوەڵامدا نووسیبووی[هیوادارم توانیبێتم بە ئەرکێکی گچکەی مرۆڤانە هەستابم].
.........................................................................
بۆئەمساڵیش لە خۆئامادەکردن بۆ یادی هەڵەبجە پێشنیاری هەمان شتم لەکن کۆمیتەی یادی هەڵەبجە کرد، بەڵام ئەم جارە لە مزگەوت نەک لە کلێسا، پێشنیارەکەم ڕەتکرایەوە،ئەویش لەبەر ئەوەی پێشوەخت دەیانزانی کە داواوکاریەکەمان ڕەتدەکرێتەوە،ڕاستیشیان کرد هەر وابوو.
لێ من هەر بۆ تاقیکردنەوە بڕیارم دا هەوڵێک بدەم ،لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی لە سەدا نەوەدونۆ ڕازی نابن، ئەو یەکەشم بۆ ئەوە هێشتبوویەوە نەکا ویژدانی مردوویان ببزوێت و قایل بن باسی بکەن .
بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە ئەبولەبەنەوەکرد، ئەم کابرایە خەڵکی فەلەستینە، ئیمام و
خەتیبی مەزنترین مزگەوتی سوونەیە لە دانیمارک، لە رۆژانی هەینیدا چەند هەزارکەسێک لە پشتیەوە نوێژ دەکەن، بە زمانی ئنگلیزی وعەرەبی خوتبەدە خوێنێت.
بەردەوام فۆکوسی میدیای دانیمارکی لەسەرە،سەرچاوەی زۆر لەو هەراو ئاژاوانەیە کە دانیمارک لە ناوەوەو دەرەوە دووچاری دەبێت بەتایبەتی مەسەلەی وێنە کاریکاتێریەکان.ئێستا دەسەڵاتدارانی دانیمارک بەدووی ڕێگەیەکی یاسایدا دەگەڕێن تا دەری بکەن.
مەبەستی تەلەفۆنەکەمم بۆ باسکرد،زۆر گوێی بە بابەتەکە نەدا، لەبەر ئەوەی لە کۆڵی خۆیم بکاتەوە،ژمارەی تەلەفۆنی کەسێکی دیکەی دامێ کە گوایە ئەو بەرپرسی خوتبەی ڕۆژانی هەینیە.

پاشان پەیوەندیم بە ئەبومحەمەدەوە کرد،گووتی ئاگاداری مەسەلەکەم ئەبوولەبەن بۆی باسکردووم . ئیدی زانیم کە تیشکی سوری پێدراوە بۆ ڕێگەنەدان.
بەهەرحاڵ سەرلەنوێ مەسەلەکەم بۆ ئەویش باسکرد،لەوەڵامدا گووتی من ناتوانم بڕیار بدەم بەڵکو لیژنەی مزگەوت بڕیار دەدات، ئەو لیژنەیەش ئێستا سەرقاڵی کێشەی وێنە کاریکاتێریەکانە.هەرچۆنێک بوو پاش پێداگرتنی من کاتێکی بۆ دانیشتن لەگەل ئەو لیژنەیە دیاری کرد.
من وەک نوێنەری [ناوەندی چاک] و کاک فەرهادیش وەک نوێنەری [کوردە فەیلیەکان] ئامادەی کۆبوونەوەکە بووین،لەلایەن ئەوانیشەوە ئەبوو محەمەد و کەسێکی دیکەی تورکومان ئامادەبوون .
جارێکی دیکە هەمان شتم باسکردەوە،هاوکات مەرجەکانیشمان بۆباسکردن کە نابێت لە چوارچیوەی دەرچن.
ئەوجا ئەوان دەستیان بە ئاخافتن کرد ،لەدووتوێی قسەکانیاندا دەرکەوت کە نایانەوێت خۆیان لە قەرەی ئەو باسە بدەن،بەم بیانوانەی لای خوارەوە:
+ئەوە مەسەلەیەکی سیاسیە وباس لە نەتەوەیەک دەکات.
+ئێمە پەیامێکی ئاینیمان هەیە نەک سیاسی.
+تەوقیتی کاتەکەی نەگونجاوە ،ئێستا سەرقاڵی مەسەلەی وێنە کاریکاتێریەکانین.
+دەترسین کەسانێک ئەوباسەیان بەدڵ نەبێت و خوتبەکە تێک بدەن.
+گرنگیەکانی ئێمە زۆر لەو شتانە گەورەترن لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزمان بۆ ئەو شەهیدانە هەیە.
+گەر ئەمڕۆ باسی کوردەکان بکەین سبەی تورکمانەکانیش دەخوازن باسی {کارە ساتی 1959 ی کەرکوک بکەین، پاشانیش نەتەوکانی دیکە بەهەمان شێوە.}

ئێمەش بەم جۆرە بەرسیڤنان دانەوە:
+ڕاستە مەسەلەکە سیاسیەو لە بەر کورد بوون کیمیاباران کران،لێ ئێوە دەتوانن لە چوارچیوەیەکی ئینسانیدا باسی بکەن،خۆگەر بڕواشتان بە ئینسانیەت نیە ئەوا لە چوارچێوەی ئیسلامیدا باسی بکەن، کە ئەوانە 5000 موسڵمان بوون.
+ئێمە داواتان لێ ناکەین هەموو هەینیەکە بەوەوە بکوژن،تەنها 10 دەقەی بۆ تەرخان بکەن.
+بێگومانین لەوەی کەس ناڕەزایی دەرنابڕێت ، چونکە ئەوانەی دێنە ئێرە سەد لەسەد گوێڕایەڵتانن.
+گەر ئەومەسەلەیە بەلاتانەوە گرنگ بوایە دەبوو خۆتان وەک یادەکانی دیکە هەڵوێستان هەبوایە.
+ئێوە دەتانەوێت وێرانکردنی شارێک و شەهید بوونی5000 وبریندازبوونی دووئەوەندەش بچوک بکەنەوە و بەراوردی کەن لەتەک کوژرانی چەند تورکومانێک.
+ئێوە هەرگیز لە باسکردن پشتگیری وکۆمەکی دارایی و بەشداری ڕاستەوخۆو کڕینی چەکێش بۆ هەندێک نەتەوە درێخیتان نەکردووە ،وەک چیچان،بۆسنیا، فەلەستین،ئەفغانستان،کۆسۆڤۆ.تەنانەت شیوەنتان بۆ موسوڵمانەکانی فلیپینیش کردووە کە هەزارەها کم لێتان دوورن . ئەی بۆ ئەوانە ناچنە قاڵبی سیاسەتەوە؟
بۆئەم پرسیارانەمان لە ڕاوورێوی و بەهانەی بێ بنەما بەولاوە شتێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو،وە هەر سوور بوون لە باس نەکردنی.
دیسان هەر بۆ تاقیکردنەوە دواکارتی خۆمان فڕێدا،گوتمان باشە نە باسی کورد، نە هەڵەبجە ،نەڕژێمی سەدام بکەن، تەنها باسی ڕووداوەکەو مێژووەکە بکەن.
دیسان بەوەش قایل نەبوون.
ئەوجا گووتمان ڕاستیەکەی ئێمە پێشوەخت دەمانزانی ئێوە ڕازی نابن ،لێ ویستمان تاقیتان بەکەینەوە ئەوەبوو تێدا دەرنەچوون.

ئەوەندەش بزانن ئێمە بەهیچ جۆرێک بەکەمتر لەو مەرجانەی خۆمان قایل نەدەبووین و ئەو تەنازولاتانەشمان هەر دیسان لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکەدابوو.
بەلاشمانەوە سەیر نیە کە ناتانەوێت باسی ئەو کارەساتە بکەن، چونکە ئێوەش بەشێکی بچوککراوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامین کە لە ڕۆژی کارەساتەکەوە تائێستا بچوکترین هەڵوێستان نەبووە لەو ڕووەوە.تەنانەت زۆرێک لە حیزب ولایەنە ئیسلامیە عەرەبیەکان ئەومەسەلەیان بەبوختان نێوزەند کردو تا سەدام لەسەر دەسەلآت بوو پشتگیریان لێدەکرد.
وە گووتمان ئەوکارە تەرۆریستیانەی ئیمرۆ لە عێراق ڕوودەدەن دوورنین لە دەستی زۆرێک لەو حیزبە ئیسلامیانە.
بۆئەمە گووتیان ئێمە باوەڕمان بەو قسانە نیەو ئیسلامی ڕاستەقینە کاری ئیرهابی ناکات ،وە ئیمە ئیدانەی ئەو کارانە دەکەین کە ڕوودەدەن.
پاشان باسی هەڵویستی کلیسای باژێری ڕۆسکیلەمان بۆکردن کە چۆن یادیان کردەوەو هاوسۆزمان بوون کە ئێوە پێان دەڵێن کافر،ئەمەش دەری خست کە ئیسلامە عەرەبەکان بێ سۆزو بێ هەڵوێست بوون لەمەڕ تراژیدیای ئیسلامە کوردەکان .لێ کافرەکان هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆیان نواند.
لەمەدا تووشی شۆک بوون بەوە پاساویان دایەوە کە کریستیانەکان ترسیان لەوە نیە کەسێک ناڕەزایی دەربیڕێت چونکە کورد ناناسن ، بەلآم دوور نیە لەنێو نوێژکەرانی ئێمەدا کەسانێک هەبن کەیفیان بە کورد نەیەت.
لەبەرسیڤی ئەوقسە بیمانایەشدا گووتمان ئەوە دیسەلمێنێ کە کوردتان بەخەیاڵدا نایەت لاتان گرنگ نین و هیچ پرۆژەیەکتان بۆ کورد پێ نیە.
ئەبوو محەمەدەکەیان ووتی نانا ئێمە زۆر جار باسی مەزلومیەتی گەلی کوردمان کردووە و کوردی زۆریش دێنە ئێرە بۆ نوێژ کردن. لەوەڵامدا ووتم هەرچی ئەوانەی دێنە ئێرە بۆنوێژکردن هەر هەمووشیان کوردبن هیچ لە هەڵوێستی دژو چەوتی ئێوە ناگۆڕێت.
بەرلەوەی بێینە دەرەوە گوتمان لەم هەڵوێستەتان بێدەنگ نابین و لەسەرتان دەنووسین.
کابرای تورکومان ووتی خۆشحاڵ نین کە لەسەرمان دەنووسن ،لێ ئەوە مافی خۆتانە ،تەنها داوامان ئەوەیە بە ئەمانەتەوە شتەکان بنووسن.
گووتمان ترستان نەبێت ئێمە ڕاستگۆین، هەر ئەوانە دەنووسین کە خۆتان گووتووتانەو لای خۆمان تۆمارمان کردووە.

ئومێدەوارم ئەم هەڵوێستەی ئۆرگانە ئیسلامیە عەرەبیەکانی نێو گۆڕەپانی دانیمارک کە هەمان هەڵوێستی زۆربەی حیزبە ئیسلامیە عەرەبیەکانە،ببێتە پەندو وانە بۆ حیزبە ئیسلامیەکانی لەمەڕخۆمان ،ئیدی هێندە گۆرانی بەبالآی خالید مشعەل و حەسەن نەسروڵاو حەسەن تورابی وعومەر بەکرو قەرەزاوی و ئیخوانەکاندا نەڵێن، چونکە ئەوانە گەر تاسەر ئێسکیش ئیسلآم بن وەلێ سەبارەت بەکورد لەعەرەبە شۆڤێنیەکان شۆڤێنیترن.

halabja@ofir.dk